# پەروەردە
# لە هەڵەبجە و ناوچەکانی

**عەفان حاجی شێخ عوسمان شێخ حسامەدین نەقشبەندی**

هەڵەبجە وەک ناوچەیەکی زیندو هەر لە زۆر کۆنەوە بگرە لە سەدان ساڵ لەمەوپێش ناوەندێکی رۆشنبیری و خوێندەواری بووە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دانیشتوانەکەی کە هەر لە کۆنەوە زۆر حەزیان لە خوێندن کردووە و تامەزرۆی ئەوەبوون کە چاک لە نامە پەروەردگارییەکان بگەن بە تایبەتی قورئان هەروەها زۆر گرنگییان بە شیعر و فەلسەفە و لێکۆڵینەوە داوە بەتایبەتی شیعری عیرفانی و رۆحانی بۆیە هەر کاتێک خوێندن یان مەڵبەندی رۆشنبیری کراوەتەوە زۆر بە پەرۆشەوە بوون بۆی، هەر بۆیە لەو دەڤەردا دیارترین شاعیر و نووسەری تێدا بووە و هەروەها مەڵبەندی ئاینی لەو ناوچەیەدا بوو. بەپێی ئەوەی کە مێژوونوسان ئاگادارن و باسیان لێکردووە شاعیر و فەیلەسوفی تیادا هەڵکەوتووە وەک عەبدولڕەحیم مەولەوی تاوەگۆزی. هەر لە زۆر کۆنەوە لە خوێندگا ئاینییەکان سەدان زانا و عالمی گەورەی تیادا هەڵکەوتووە هەر لە مەدرەسەکەی شێخ عەبدوڵڵا خرپانی کە حەزرەتی مەولانا خالیدی میکایلی نەقشبەندی تیایدا خوێندویەتی تاوەکو ئەگاتە مەڵبەند و خانەقا و رۆشنبیرەکانی عەهد و زەمانی حەزرەتی شێخ عوسمانی سەراجەددین لە تەویڵە کە لە هەموو لایەکەوە شارەزایان و عیلم دۆستان و متەسەوفان رویان تێکردووە بە تایبەتی لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی گەورە (تورکیا و ئێران و سوریا وعێراق) و میسر و تورکمان سەحرا و بەڵگەی زیندووش بۆ ئەوە هەر لە شێخ ئەحمەدی ئەعقرەعی میسری تاوەکو شێخی بورهان لە مهاباد و شێخ ئەحمەد بەرەجیک لە

تورکیا و دەیان شاعیر و نووسەر و زانایانی روو لە خوا وەک مەلا حامیدی کاتب و موفتی دشە و شێخ محەمەدی مەحمودی و حاجی شێخ ئەمینی خاڵ و مەلا نەزیری گەورە و شیخ محەمەدی چۆلی هەولێری و شێخ ئەبوبکری هەولێری وشێخ عەبدوڵڵای هەولێری و دەیان پیاوانی شارەزا هاتوونەتە دەڤەری هەورامان. هەر لە شارەکانی کوردستانی عێراق و ئیران (هەولێر، سلیمانی، سنە، مهاباد) بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە عیلم و رۆشنبیری وتەسەوف ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ فەزلی عالمی متسەوفی بەناوبانگ حەزرەتی شێخ خالیدی شارەزووری ناسراو بە مەولانا خالید ئەویش لە شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی وەرگرتووە، پاشان رووی کردۆتە هەورامان و هاتەوە لای مورید و متەسەوفی دڵسۆزی شێخ عوسمانی سەراجەدینی یەکەم بۆیە هەر ئەو ناوچەیەش بوو بە قیبلەگای رۆشنبیران و زانایان و فەیلەسوفان و کردنەوەی مەدارسی دینی و رۆشنبیری کە بەتایبەتی لە شارۆچکەی بیارە هەر لە زەمانی شێخ عومەر زیائەدین نەقشبندی تا سالانی چل و پەنجاکان کتێبخانەی بیارە زیاتر لە (١٥٠٠٠) کتێبی چاپکراو (٣٠٠٠) کتێبی دەستنووس کە هەموو زانایان لە کون و قوژبنێکی کوردستان سوودیان لێوەرگرتووە، هەروەها ئەوەی نەشاراوەیە لە زەمانی سوڵتان عەبدولحەمید کە پەیوەندی هەبووە لەگەڵ تەسەوف باری (٧٠) هێستر کتێبی جۆراو جۆری ناردوە بۆ حەزرەتی شێخ عومەری بیارە ئەمەیش سەرچاوەیەکی ڕوونی زانیاری بووە کە خوێندەوار و رۆشنبیران سوودیان لێ وەرگرتووە شێخانی هەورامان لە شێخ عوسمانی سەراجەدینی یەکەم تاوەکو شێخ محەمەد بەهادین و حاجی شێخ ئەحمەد و شێخ نەجمەدین و شێخ حسامەدین و شێخ عەلادین و تا دەگاتە سەر شێخ عوسمانی سەراجەدینی دووەم، تەوێڵە و بیارە و باخەکۆن مەڵبەندی رۆشنبیری و ئاینی بوون هەر لە زەمانی ئەماندا بووە خانەقا و مەڵبەندی رۆشنبیری خوێندنی ئاینی یەکیانگرتووە گرنگیان پێدراوە، هەر بۆیە ئەم ناوچەیە سەر بە هەڵەبجەیە و هەڵەبجەش جێگای عیلم و مەعریفەت و خوێندن بووە زۆر ئارەزوومەندی ئەوەبوون کە خوێندن و رۆشنبیری لە ناوچەکەیاندا بڵاوبێتەوە هەر بۆیەش رۆژهەڵاتناسەکان روویان لەم شارە کردووە، گرنگیان پێدراوە و تیایدا ماونەتەوە. وەک (مێجەرسۆن، سەرجن سعادەت، چەکمەن) هەر چەندە بۆ کاری سیاسی تایبەتمەندی خۆیان هاتوون و دەیانی تر.

لەلایەکی تر، دانیشتوانی ئەم دەڤەرە زۆر حەزیان لە خوێندن کردووە زیاتر لە هەموو ناوچەکانی کوردستان، هەربۆیە لە کاتی کردنەوی قوتابخانەکاندا منداڵانی دانیشتوانی هەڵەبجە و گوندەکانی دەوروبەر زۆر بە پەرۆشەوە رۆڵەکانیان ئەنارد بۆ وەرگرتنی عیلم و زانست، بەڵگەی زیندووی لە بیرنەچوو کەڵە شاعیرانی وەک ئەحمەد موختار جاف و تاهیر بەگی جاف و عەبدوڵڵا گۆران و مامۆستا قانیع و مامۆستا ساجد ئاوارە تا دوایش وەک عەلی کەمال باپیر و ساڵح هەژارر و خورشیدە بابان، دەیان مامۆستا و شارەزا و سیاسەتمەداران تیایدا ژیاون ئەمە بوو کورتەیەک لە پێشەکی رۆشنبیرانی هەڵەبجە و دەوروبەری. بەڵام پاش ئەوەی دێینە سەر باسەکەی خۆمان ئەویش هەڵەبجە و پەروەردەیە. کە لە ساڵانێکی زوو حەزیان لە خوێندن و خوێندەواری کردووە بەڵام بە پێی ئەو بیروەری و ڕاپرسیانەی کە کردوومانە لە ساڵەکانی ١٩٢٤ -١٩٢٨ بۆ یەکەم جار قوتابخانە لە هەڵەبجە بەشێوەی فەرمی کراوەتەوە، ئەو کاتە لە زۆر شوێنەکانی تری کوردستاندا قوتابخانە نەبوو. هەر بۆیە زۆربەی زۆری رۆڵەکانی هەڵەبجە و چواردەوری روویان لە قوتابخانە کردووە هەروەها داواکاری ئافرەتان و ژنان زۆر زۆر بوو بۆ کردنەوەی قوتابخانە بۆیان، بۆ ئەوەی ئەوانیش بێبەش نەبن لە خوێندن و رۆشنبیری لەو سەردەمانەدا هەر بۆیە لە ساڵەکانی دوای ١٩٣٨ بۆ یەکەم جار لە شاری هەڵەبجە کرایەوە، دوا بە دوای ئەویش لە شارۆچکەی تەوێڵە و پاش ماوەیەک لەبیارە لە ساڵەکانی ١٩٦٠ لە خورماڵ و عەبابەیلێ قوتابخانەی کچان کرایەوە و دواتر ناوەندی و دواناوەندی. زۆر لە خانەوادە دیارەکان رۆلیان هەبوو لەو سەردەمانەدا بەوەی کچەکانیان ئەناردە بەرخوێندن، ئەوەی بیرەوەری ئێمە بێت قوتابخانەی شاهۆی کچان ئەوکاتە مامۆستا شکریە بوو خێزانی فەرجە مندی بەرێوەبەر بوو. هەر بۆیەش شارەزایان و مامۆستایان پەیوەندیکی رۆشنبیریان هەبووە لەگەڵ مامۆستایان و رۆشنبیرانی سلێمانی و سنە و موکریان و سابڵاخ و کۆیەدا. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا زۆر لە رۆشنبیران روویان لە ئەستانە کردووە کە ئەستەمبوڵی ئێستایە. چونکە ئەو کاتەی حکومڕانی زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکان لەو شارەوە بووە، هەر بۆیە شاعیری گەورەمان نالی کە خەڵکی دێی خاک و خۆڵ کە سەر بە هەڵەبجەیە و حاجی تۆفیقی پیرەمێرد بۆ شارەزابوون روویان لەو شارکردووە و تیایدا ماونەتەوە،

پێشکردنەوە قوتابخانە فەرمیەکان مامۆستا گۆران ماوەیەک مامۆستا بووە لەوێ، ئەوەی ئێمە بیستومانە کە لە هەڵەبجە ئەوەی مامۆستا بووبێت لە ساڵەکانی نیوان ١٩٣٠ – ١٩٤٠ مامۆستا ئەحمەد سەبری و پاشتر مامۆستا نوری محەمەد ئەمین کە ناسراو بە نوری سەرسپی پاش ئەو مامۆستا فەرەجی حاجی حەمە عەلی، لە ساڵی ١٩٤٩ مامۆستا فایق بێکەس مامۆستابووە و هەر لەوێش کۆچی دواییکردووە، هەروەها لەساڵەکانی ١٩٣٨ کە قوتابخانەی گوڵپ کراوەتەوە مامۆستا شێخ عەبدولرەحمان نسیب پاشان مامۆستا ئەحمەد هەردی مامۆستا بوون و هەروەها لە گوندەکانی تەوێڵە و بیارە مامۆستا ئەبوبەکر هەوری و مامۆستا فایەق بێکەس و مامۆستا شیخ سەفادین و مامۆستا محەمەد حاجی نادر و مامۆستا عەلی قادر ئاغا و مامۆستا محێدین حاجی سەلیم و ماموستا ئیسماعیل محەمەد و مامۆستا مەحمود عەبدولرحیم مامۆستا هۆشمەند مستەفا مامۆستا حسێن محەمەد غەفور مامۆستا عەبدوڵڵا عەلی مامۆستا جەمال حەمە کەرەم مامۆستا عەبدولخالق بابالە مامۆستا عومەر محەمەد حسێن مامۆستا محەمەد مەلا عارف مامۆستا محەمەد مەلا ساحب مامۆستا کەمال ئەسکەندەر مامۆستا زاهیر عەبدولحەمید مامۆستا مستەفا حەمە کەرەم مامۆستا ئەحمەد عەبدولرەحیم مامۆستا مەهدی حەسەن مامۆستا تاهیر عەبدوڵڵا مامۆستا سابیر قادر مامۆستا ئەحمەد مەلا نیزام مامۆستا کەریم حاجی محەمەد مامۆستا حەمە ئەمین رەئوف مامۆستا عەبدوڵڵا حەمە عەلی مامۆستا مەلا کامیل عارف نەزیر بوون، لە ساڵەکانی ١٩٣٠ قوتابخانە لە شارۆچکەی بیارە کراوەتەوە، مامۆستا محەمەد ئەمین کاردۆخی و مامۆستا قوتبەدین شێخ زەینەدین مامۆستا محەمەد ئەمین مەولود مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا بەگ مامۆستا محەمەد مەلا حسێن مامۆستا بوون لەوێ تا کۆتایی ساڵەکانی حەفتاکان مامۆستا محەمەد عەلی فەتاح و حەبیب فەریدون و ئیقبالی میرزا مامۆستا توفیق قادر ئەحمەد مامۆستا کەمال عەبدوڵڵا بەگ مامۆستا زاهیر محەمەد بانەیی مامۆستا حامی ئەحمەد مامۆستا مەهدی عەبدوڵڵا بەگ مامۆستا نیزام عەبدوڵڵا مامۆستا تاهیر عەبدوڵڵا مامۆستا توفیق قادر و دەیان مامۆستای ئەو ناوچەیەکە ناوەکانیان ئێستا لە یادمان نییە، بە دەیان ئەندازیار و پزیشک لەو ناوچەیە دەرچوون، هەروەها لە گوندی گوڵپ کە کۆمەڵێک مامۆستا و شارەزای یەک لە دوای یەک هاتوون تا ساڵەکانی

حەفتاکان  ئەوانیش مامۆستا عەبدولرەحمان نسیب و مامۆستا فەرج عەتار و مامۆستا کەمال موفتی و مامۆستا مەحمود شەریف مامۆستا حەمە رەشید ئاغا بەگ مامۆستا ئەحمەدی مەلا حسێن مامۆستا حەمە توفیق مەلا محەمەد مامۆستا عەبدوڵلا حەمە عەلی مامۆستا ئەکرەمی شیخ فەرج و مامۆستا مەلا رەسوڵی شێخ عوسمان و مامۆستا عەفان نەقشبەندی و مامۆستا مەجید ئەحمەد مامۆستا فەتاح قادر و مامۆستا حسێن سعیدو مامۆستا خالید فەقی غەفور و مامۆستا مەلا زاهیر عەبدولکەریم و دەیان و دەیان مامۆستای تر کە درێژەیان بە خوێندنداوە لەم گوندە، سەبارەت بە قوتابخانەی خورماڵ لە ساڵی ١٩٤١ کراوەتەوە  یەکەم مامۆستا، عەبدوڵلا ناوێک بووە پاشان مامۆستا محەمەد عەبدولغەفور دڵشاد بووە کە لە ساڵەکانی ١٩٤٦-١٩٤٧ پەیوەندی بە کۆماری  کوردستان لە مهاباد کردووە، پاشان مامۆستا شێخ محەمەد ئەمین عەبدوڵلا مامۆستا غەزوب محەمەد شێخ عەبار و مامۆستا شەمعون ئەلیاس مامۆستا حەمە عەلی حەمە سعید بەگ و مامۆستا ئەحمەد مەحمود مام عزیز و حەمە لاو بەرزنجی مامۆستا عومەر عەلی ئەمین و لە ساڵەکانی شەستەکاندا مامۆستا محەمەد نەجیب ناجی وەک بەڕێوەبەر بووە، پاشان مامۆستا جەمالی مەلا عەلی و دوای ئەوە مامۆستا عومەر حەمە حسێن پاشان عەفان نەقشبندی  و دواتر جەمال سەعید بەڕێوەبەر بوون و چەند مامۆستایانی عەرەب و بادینی وەک خەلیل بادینان و عیسا فەندی و یوسف ئەحمەد سوعادەی دهۆکی مامۆستا جەمال کاکە حەمە، شارۆچکەی عەبابەیلێ لە ساڵەکانی ١٩٤٠ قوتابخانەی بۆ کراوەتەوە مامۆستا دیارەکانی ئەم دێیە مامۆستا کەریم زەندە کە هەر لە وێوە پەیوەندی بە کۆماری کوردستان لە مهاباد کردووە، لە ساڵی ١٩٤٦ مامۆستا شێخ عارف و شیخ ئەحمەد. مامۆستا فاتح شێخ ئەحمەد مامۆستا حەمە توفیق شێخ حەسەن و مامۆستا محەمەد شێخ ئیبراهیم و مامۆستا ئەنور شێخ ئیبراهیم مامۆستا فایق شێخ عومەر مامۆستا ناسیح شێخ رەسول یەک لە دوای یەک بەڕێوەبەربوون، دەیان خوێندەوار و ئەندازیار و مامۆستا و پزیشکیان لێ هەڵکەوتووە. هەرچەندە عەبابەیلێ زۆر نزیک بووە لە هەڵەبجەوە، بەڵام ئەوەندە حەزیان لە خوێندن بووە هەوڵیان داوە، قوتابخانەیان بۆ بکرێتەوە، مامۆستا دیارەکانیان کە دەوری رۆشنبیریان بووە وەک عەلی عەبدوڵلا شەونم.

هەڵەبجە، هەر لە کۆنەوە جێگای جوڵانەوەی سیاسی بووە بە تایبەتی جوڵانەوەی شیوعیەت و کوردایەتی و پارتایەتی و ئاینی ئیسلام، هەر لە بەر رۆشنبیریشیان بوە هەر شاعیر و نوسەرەکانیان وەک ئەحمەد موختار جاف تاهیر بەگی جاف نیشتمان پەروەربوون و هەروەها حەسەن فەهمی جاف نوسەرێک وەرگێرێگی باش بوون عەلی کەمال باپیر و ساڵح هەژار و خورشیدە بابان و ساڵح شارەزووری و ساجد ئاوارە شاعیر و نووسەر بوون، هەر لە دروستبوونی ئەنجومەنی نوابی عێراق چەند ئەندامێکی ناوچەکە ئەندامی ئەو ئەنجومەنەبوون وەک:

١. حامید بەگی مەجید بەگ جاف

٢. حەسەن بەگ عەلی بەگ جاف

٣. ئەحمەد بەگی حەمەساڵح بەگ جاف

٤. شێخ خالیدی مەولانا  شێخ عەلادین نەقشبەندی

هەروەها لە شاژنە بە ناوبانگەکانی کورد کە حەزیان لە خوێندن و پەروەردەکردوە و پاڵپشتی بوون (عادیلە خانم) بەناوبانگ بووە بە خانمی عوسمان پاشا یارمەتیداوە بە دابینکردنی زەوی بۆ دروستکردنی قوتابخانەکان هەروەک شێخ محەمەد شێخ حسامەدین نەقشبەندی لەسەر ئەرکی خۆی قوتابخانەی گوڵپ و خورماڵی دروستکردووە هەر بۆیەش لە دەڤەری هەڵەبجە بە زووی مامۆستایان پێگەیشتن زۆربوون زۆربەیشیان رۆڵی نیشتمانپەروەریان هەبووە لە جوڵانەوەکاندا گیراو رەوانەکراوی خوارووی عێراق کراون.

مامۆستایانی ناوچەی هەڵەبجە هەر لە پاش دروستبوونی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٢ زۆربەیان پەیوەندی نهێنیان بەو رێکخراوە کرد وەک مامۆستا سەید حەسەن سەید محەمەد (سەید حەسەن بەرزنجی) لەو پەیوەندیان مامۆستایان یەکێتی مامۆستا دەوری باشی هەبوو توانرا زۆربەی مامۆستایان لەو رێکخراوە رێکبخرێت، تاوەکو مانگی شەشی ساڵی ١٩٧٠ پاش رێکەوتنامەی ١١ی ئادار لە شاری هەڵەبجە هەڵبژاردن کرا بۆ دەستەی ئیشوکاری رێکخراوەکە لەوانەی کە هەڵبژیرا، مامۆستا نەجیبی حاجی ناجی و مامۆستا عەفان نەقشبەندی مامۆستا عەبدوڵڵا عەبدولقادر و مامۆستا مەلا لەتیف مەولود و مامۆستا حەبیب فەرەیدون هەروەها مامۆستا رەئوف ئەحمەد بارام مامۆستا ساڵح محەمەد دەست بەکاربون بۆ ئیشوکاری

مامۆستایان و گەیاندنی کێشەکانی مامۆستایان بۆ پەروەردە و لقەکانی مامۆستایان لە سلێمانی تاوەکو مانگی هەشتی ساڵی ١٩٧٠ کۆنگری سێیەمی مامۆستایان بەسترا لە ناوپردان، نوێنەرانی هەموو مامۆستایان تێدا بەشداربوون، مامۆستا نەجیب حاجی ناجی و مامۆستا عەفان نەقشبەندی مامۆستا عەبدوڵڵا عەبدولقادر و مامۆستا حەبیب فەریدون مامۆستا مەلا لەتیف بەشداریانکرد کە کۆنگرەیەکی زۆر گەورە و گرنگ بوو لەلایەن سەرکردەی گەلی کورد بارزانی نەمر کرایەوە، نوێنەرانی هەموو لایەنی پارتە سیاسیەکان تێدا بوو لەوانە نوێنەری سەندیکای مامۆستایانی عەرەب سەندیکای مامۆستایانی عێراق و کەسایەتی وەک کامەران بەدرخان و رەوشەن بەدرخان و مامۆستایانی دیاری وەک دکتۆرە پاکیزە رەفیق حیلمی و پەیمان مەعروف چاوگ نەجات مەلا عەلی بەشداربوون لەپاش سێ رۆژ مەکتەبی سکرتاریەت هەڵبژێردرا سەڵاحیاتی پێدرا لەگەڵ سەندیکای مامۆستایانی عێراق قسەبکەن، ئەوەبوو لە کۆنگرەی دووەم نیوەی ساڵ کە چوینە بەغدا رێک نەکەوتین بایکۆتمان کرد، پاش ئەوەی رێککەوتن کرا ئیعتراف کرا بە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و دەزگا و لقەکانی لە کوردستان نوێنەری مامۆستایانی کوردستان بێت مەکتەبی سکرتاریەتی مامۆستایان بارەگای لە بەغداد بێت دوو سێ گۆنگرەیان کرد، بەتایبەتی گۆنگرەکانی سلێمانی و هەولێر و دوو کۆنگرەی بەغدا جێگری سەرۆکی سەندیکای مامۆستایانی عێراق کوردبوو، ئەویش مامۆستا عەزیز شوان بوو، ساڵی ١٩٧٤ شەری بەسەرداهات و شاندی هەڵەبجە باشترین رۆڵی هەبوو لەم کۆنگرانەدا ئەمە بە کورتی مێژووی پەروەردە بوو لە دەڤەری هەڵەبجە، ئەمەش زۆر دوور نییە کەموکورتی تێدابێت، بەڵام بە داخەوە مێژوونوسان و شارەزایان بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە ئەو ناوچەیە تایبەتمەندیەکی زۆری هەیە ئەوانەی لە بواری خوێندن و رۆشنبیری کاریان کردووە لە بیرنەکرێن، دووبارە داواکارم ئەگەر کەموکورتییەک یان هەڵەیەک هەبێت چاک بکرێت زۆرجێگای سوپاسە چونکە بەراستی زۆر لەمن زیاتر شارەزا هەیە لەسەر ناوچەکە و شاری هەڵەبجە پێم باشە یادێکی سەرجەم ئەو مامۆستایانە بکەم لە ناوچەی هەڵەبجە و شاری هەڵەبجە خزمەتیان کردووە خوێندن و پەروەردەیان گەیاندوە بە رۆڵەکانی ئەو ناوچەیە ئەو شارەزایانەی کە لەو ناوچەیە هەڵکەوتوون و لە قوتابخانەکانی دەرچوون لە شاری هەڵەبجە جگە لەو مامۆستایانەی کە ناویان

هاتووە لە راپۆرتەکەدا نین کە ئەم مامۆستا بەرێزانەن:

١. مامۆستا عەبدوڵڵا سەبری

٢. مامۆستا نوری محەمەد ئەمین

٣. مامۆستا فەرەج حاجی حەمە عەلی

٤. مامۆستا ئەحمەد مەحمود مام عەزیز

٥. مامۆستا شێخ فاتیح شێخ ئەحمەد

٦. مامۆستا شێخ عارف شێخ ئەحمەد

٧. مامۆستا حەمە عەلی حسێن

٨. مامۆستا محەمەد مەلا حسێن

٩. مامۆستا حەمەسەعید حاجی ئەمین

١٠. مامۆستا ئەحمەد حەمە رەشید ئەفندی

١١. مامۆستا ئەحمەد محەمەد قادر

١٢. مامۆستا نەجیب حاجی ناجی

١٣. مامۆستا عومەرخالۆ ئەحمەد

١٤. مامۆستاساڵح مەلا محەمەد

١٥. مامۆستا سەید کازم

١٦. مامۆستا ئەحمەد حاجی عەلی سادق

١٧. مامۆستاحاجی سادق

١٨. مامۆستا سەعدەدین ئەدیب

١٩. مامۆستا ئیحسان حیکمەت

٢٠. مامۆستا مستەفا مەلا سەعید

٢١. مامۆستا حافز ئەنور مائی

٢٢. مامۆستا سەید محێدین سەید ئەحمەد

٢٣. مامۆستا شێخ ساحب شێخ محەمەد زەکی

٢٤. مامۆستا سەعدی رەئوف نەقشبەندی

٢٥. مامۆستا حەیدر عوسمان

٢٦. مامۆستا محەمەد شێخ موحسێن

٢٧. مامۆستا ئەنور شێخ برایم
٢٨. مامۆستا حەمەسعید حاجی عینایەت
٢٩. مامۆستا سەید حەسەن بەرزنجی
٣٠. مامۆستا سەید حەسەن مەولانا
٣١. مامۆستا جەعفەر مستەفا
٣٢. مامۆستا ئەنوەر شێخ فەرەج
٣٣. مامۆستا ئەکرەم شێخ فەرەج
٣٤. مامۆستا ئەنوەر شێخ حەسەن
٣٥. مامۆستا عەبدوڵڵا شێخ ئەحمەد
٣٦. مامۆستا حەمەتوفیق مەلا محەمەد
٣٧. مامۆستا ماجید شێخ ئەحمەد
٣٨. مامۆستا محەمەد شێخ ئەحمەد
٣٩. مامۆستا ئەحمەد حەمە رەشید ئەفەندی
٤٠. مامۆستا حەمەسعید حاجی ئەمین
٤١. مامۆستا عومەری خالۆ ئەحمەد
٤٢. مامۆستا عوسمان خالۆ ئەحمەد
٤٣. مامۆستا رەئوف ئەحمەد بارام
٤٤. مامۆستا محەمەد حەمەسەعید
٤٥. مامۆستا عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین
٤٦. مامۆستا عەلی حەسەن
٤٧. مامۆستا حمەسعید رەشید بانەیی
٤٨. مامۆستا محەمەد رەشید بامۆکی
٤٩. مامۆستا عەبدولکەریم حاجی ئەحمەد قەدەفەری
٥٠. مامۆستا شێخ محەمەد شێخ عەلادین
٥١. مامۆستا محەمەد شێخ برایم
٥٢. مامۆستا عوسمان شەریف
٥٣. مامۆستا مەلا عەلی کۆکۆیی

٥٤. مامۆستا مەلا قادر شەمێرانی

٥٥. ماموستا مەلا شەریف کەریم خان

٥٦. مامۆستا مەلا ڕەسول  شێخ عوسمان

٥٧. مامۆستا عومەر شێخ عوسمان

٥٨. مامۆستا مەهدی شێخ رەئوف

٥٩. مامۆستا نوری حەمەی مەحمود ئەفەندی

٦٠. مامۆستا نوری شێخ فەرەج

٦١. مامۆستا ئەحمەد محەمەد قادر

٦٢. مامۆستا کەمال عەلی حەمامچی

٦٣. مامۆستا حەمەئەمین غەفور

٦٤. مامۆستا عەزیز عینایەت بەگ

٦٥. مامۆستا ئەحمەد مەلا حسێن

٦٦. ماموستا محەمەد مەلا حسێن

٦٧. مامۆستا سەلاح حیلمی

٦٨. مامۆستا هیوا حیلمی  بە کیمیایی شەهید بوو (زۆر بە داخەوە ناوی مامۆستایانی شەهیدی کیمیاییمان نەزانی)

٦٩. مامۆستا ئازاد حەمە کەریم کوردستانی بە بۆردومان شەهید بوو

٧٠. مامۆستا مەلا عومەر ڕێشاوی

٧١. مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز

٧٢. مامۆست حەبیب محەمەد سەعید          نوسەرو وەرگێر

٧٣. مامۆستا جەمال حەبیبوڵڵا          نوسەر

٧٤. مامۆستا شێخ عەزیز پاڕەزانی          نوسەر

٧٥. مامۆستا حەمە ساڵح فەتحوڵڵا

٧٦. مامۆستا ئیبراهیم ڕیشاوی

٧٧. مامۆستا سدیق عەبدولعەزیز

٧٨. مامۆستا محەمەد حەمەسادق عەبدولقادر

٧٩. مامۆستا ئەسعەد ئەحمەد ئاغا

٨٠. مامۆستا عوسمان ئەحمەد ئاغا شەهید بوو
٨١. مامۆستا عەبدوڵڵا عەبدولعەزیز
٨٢. مامۆستا ئەکرم شێخ عەلی
٨٣. مامۆستا ئازاد مەلا خالید
٨٤. مامۆستا تاهیر مەحمود
٨٥. مامۆستا تاهیر حەمەعەلی
٨٦. مامۆستا رەشید عەبدولقادر
٨٧. مامۆستا نەزیف بابا حاجی
٨٨. مامۆستا وشیار بابا حاجی
٨٩. مامۆستا کاوان شێخ حەمەسەعید
٩٠. مامۆستا وشیار ئەنوەر ئەفراسیاب
٩١. مامۆستا سەربەست بەرپرسی مامۆستایانی هەڵەبجە
٩٢. مامۆستا حەمەفەرەج ئەحمەد
٩٣. مامۆستا مەحمود حەمەساڵح
٩٤. مامۆستا ئازاد حەمدی
٩٥. مامۆستا کەریم عەبدوڵڵا شەعبی شەهیدبووە لەساڵی ١٩٦٨
٩٦. مامۆستا رزگار ئەندامی لقی مامۆستایان
٩٧. مامۆستا حەمە رەئوف سەید محەمەد
٩٨. مامۆستا فاتیح کەرەم هاواری
٩٩. مامۆستا دڵشاد شێخ قادر
١٠٠. مامۆستا ئازاد شێخ قادر
١٠١. مامۆستا شێخ مەحمود شێخ ساحب
١٠٢. مامۆستا ئەنوەر عەزیز
١٠٣. مامۆستا فەیسەل ئەفەندی
١٠٤. مامۆستا عومەر ئەفەندی عاشق
١٠٥. مامۆستا ساڵح مەلا محەمەد
١٠٦. مامۆستا غەریب محەمەد غوڵام

١٠٧. مامۆستا تاهیر شێخ ڕەئوف
١٠٨. مامۆستا عومەر حەمەسەعید عەبدوڵڵا ئاغا
١٠٩. مامۆستا عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین سوور
١١٠. مامۆستا جەمال شێخ کازم نەقشبەندی
١١١. مامۆستا شاهۆ شیخ حەمەئەمین نەقشبەندی
١١٢. مامۆستا محەمەد شێخ ساحب نەقشبەندی
١١٣. مامۆستا نوری شێخ محەمەد عوسمان نەقشبەندی
١١٤. مامۆستا موعتەسم شێخ محەمەد عوسمان نەقشبەندی
١١٥. مامۆستا فەرهاد نەقشبەندی
١١٦. مامۆستا حسێن محەمەد بەهادین
١١٧. مامۆستا سەلاح محەمەد بەهادین
١١٨. مامۆستا عەبدوڵڵا حاجی محەمەد شەریف
١١٩. مامۆستا عارف سەید ئەمین
١٢٠. مامۆستا عەباس محەمەد ئەمین عەدە
١٢١. مامۆستا ئەنوەر محەمەد باول
١٢٢. مامۆستا بورهان محەمەد باول
١٢٣. مامۆستا عەینەدین شێخ نەجمەدین
١٢٤. مامۆستا مەهدی غەفور شریف
١٢٥. مامۆستا ئەحمەد عەلی جواز
١٢٦. مامۆستا کەریم حاجی عوسمان
١٢٧. مامۆستا شەهید سەیفەدین
١٢٨. مامۆستا ئەنوەر محەمەدئەمین عەنەبی
١٢٩. مامۆستا مەلا سدیق مەلا عەبدولعەزیز
١٣٠. مامۆستا جەلال مەلا ساڵح
١٣١. مامۆستا ساڵح
١٣٢. مامۆستا مەلا قادر
١٣٣. مامۆستا شێخ عەزیز پارەزانی

١٣٤. مامۆستا قازی ڕەحیمی

١٣٥. مامۆستا کەمال شێخ حەمە سالّح بەرپرسیارێتی مامۆستایانی هەبوو

١٣٦. مامۆستا تاریق محەمەد گوڵپی

١٣٧. مامۆستا ئیمتیاز

١٣٨. مامۆستا حەمەغەریب محەمەد ئەمین شەمێرانی

ئەم مامۆستا بەرێزانەی کە ناویان نوسراوە، لە سەرەوە هەر لەو ناوچەیە خوێندویانە و هەر لەو ناوچەیەش دەورێکی زۆریان بوو بۆ خزمەتی پەروەردە، ئەو پیاوە رۆشنبیر و هەڵکەوتوانەی شاری هەڵەبجە کە رۆڵیان هەبووە لە حکومەتی عێراق وەک بورهان جاف، ئەنوەر جاف، ئەفراسیاب جاف و ئەوانەی ماوەیەکی زۆر نوێنەری عێراق بوون لە دەرەوە وەکو بەرێزان عارفی حاجی حەمەعەلی و حەمەئەمین بەگی ئەحمەد بەگ و ئەکرەم جاف ئەوانەی کە دەوریان هەبووە لە خوێندنی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆکان بوون و دکتۆر ئازاد محەمەد ئەمین نەقشبەندی دکتۆر حەمید وەستا مەجید و دکتۆر محەمەد عارف دکتۆر دارا جاف و پیاوی شارەزاو هەڵکەوتوو فەرهەنگ جەلال بەمجۆرە ئەوەی زانیمان پێ شارەزابووین سەبارەت بە رۆشنبیری هەڵەبجە بە کورتی باسمان کرد دووبارە داوای لێبوردن دەکەم لەو بەرێزانەی کە ناومان نەهێناون و لەیادمان نەبوون و لە نووسینەکانماندا پێش و پاشکەوتووە دووبارە سوپاسی بێپایانمان و داوای لێبوردن دەکەین

## عەفان شێخ عوسمان شێخ حسامەدین نەقشبەندی

ساڵی ١٩٣٩ لە دێی باخەکۆنی ناوچەی هەورامان لەدایکبووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانە، ٣١ ساڵ لە ڕێی وانە وتنەوە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان خزمەتی میللەتەکەی کردووە، ساڵی ١٩٩٢ هەتا ٢٠٠٥ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە.